# نەورۆزی ئازادی

ڕووناک شوانی
runakshwani@yahoo.com




جیا لە هەموو نەورۆزەکانی دیکەی تەمەنی شارم ، نەورۆزی ئازادی زۆر جیاواز بوو پێکەنین و گریان ...خەم و شادی ... بەرامەی نێرگز و بارووت تیکەڵ بە یەکدی بوو بوون . چەند ڕۆژیک بوو شەپۆلی ڕامالینی بەعسیان لە هەموو شار و شارۆچکەکانی کوردستان موژدەی بەهارێکی ڕەنگا و ڕەنگی دەبەخشیە دلی ئاشقانی ئازادی . زوحاک لەسەرە مەرگدا بوو ، لێ شادی ناگاتە ترۆپک هەتا کەرکووک تاجی ئازادی لەسەر نەکا .. ئاخر شاری من خەجێی هەموو ئاشقانە.. مەمی کچانی کوردستانە .. دوژمن گەلێک شپرزە بوو وەک سەگی هار کەوتە ناو شار، پیاوان و گەنجانی کوردی بە دیل گرت بۆ ئەوەی بیانکات بە قەڵغانی خۆی لە کاتی هێرشی خەڵکی دڵگەرمی کوردستان و پێشمەرگە . گەلۆ ئەو ئازیزانە بۆ کوێ بران ، لە کوێ زیندە بە چاڵکران ؟؟ بۆ وا زوو لە بیر کران و کەس ناویان نابا ؟؟ لەو ڕۆژەدا کەرکووکیان بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی یەکەم تروسکەی گڕی مەشخەڵی ئازادی بوون . باوە گوڕگوڕ بانگی هەڵدا ، کوردان لە سەرتاسەری کوردستانەوە هاتن.. هەموو هاتن بە هانای باوە پیرەوە، نرخی ئازادی تا ئەهات گرانتر و گرانتر ئەبوو شەهید و بریندار یەکجار زۆر بوون ، کەم ماڵ هەبوو قوربانی بۆ ئەو جەژنەی نەدابێ . دووکەڵی ڕەش هەوای ئازادی لێڵ کرد . پێشینان ئەڵێن هێز لە یەکگرتندایە ، لێ مەخابن کورد و یەکگرتن کوجا مەرحەبا . هاوپەیمانانیش وەک هەموو جارێ پشتی کوردانیان چۆڵکرد . هێزی پەرتەوازە و بێئەزموون خۆی لە بەردەم هێرشی دڕندانەی دوژمن نەگرت . خەڵکی شارم بە تاک و کۆ بە پیادە و ماشێن ، کۆچیان کرد و شار چۆڵ کرا ، دوژمن کێی دەست بکەوتایە بێبەزەییانە لە ناوی ئەبرد .

باوە پیرە بەو ڕیشە سپییەوە جارێکی تر بە دیل گیرا ، ئەمجارەیان هەموو جەستەی هەلا هەلا کرا هەتا ئەمڕۆش خۆی نەگرتەوە . چەند ستەمە پیرۆزییەکانت بە بەرچاوتەوە ئەتک بکرێن ، توانای بەرگریشت نەبێ . ئەمەشیان کارەساتێک بوو چووە پاڵ مێژووی پڕ کارەساتی ولاتە زامدارەکەم . لەو ڕۆژەوە هەتا ئەمڕۆ کەرکووکی لە باوەشی شارەکەی خۆیشیدا هەر ئاوارەیە و لە ژێر چادردا ئەژی . ئەمڕۆش لەم نەورۆزەدا کەرکووک خەریکی کۆکردنەوەی زامەکانی ڕابردووە لە گاورباغییەوە و پێش ئەویش خەریکی نووسینەوەی خۆیەتی ، کەچی ئەو تەمی خەمە هەر وا بە ئاسمانی شارەوە ، شارم هەر وەک خۆیەتی و خۆی، خەمۆکی ناخی گرتووە و وێڵی ناکا ڕۆژێک نەمبینی سەرچۆپی دیلانێ بگرێ ، کراسێکی سوور بپۆشێ لەوەتەی هەیە وەک دایکم هەر ڕەشپۆشە . بۆیە منیش وەک شارەکەم دوور لە گیانی تۆ ئازیزم هەر ئاشقی بەرگی ڕەشم .

ستۆکهۆڵم/ 2007/3/16